# فەرهاد پیربالْ بەعسییەو ئەمرۆ بە سزای شۆڕش دەگا!!!

**جەمال پیرە**

ئەمڕۆ فەرهاد پیربال، پیاوە جوانە تووڕەکە، لە ولاٌتێکی پڕ لە بێدەنگیدا بە سزای شۆڕش دەگا !!!، هەر ئەمڕۆ فەرهادی بەعسی!! لە دادگای پێشمەرگە قارەمانو دێرینەکانی ناو زانکۆی سەلاحەددیندا بە سزای کوردپەروەرانەی ئەوان دەگات!! ئەکادیمیستە قارەمانو خاوەن هەلْوێستو پڕ لە مەعریفانەی ناو زانکۆی سەلاحەدین بۆ ئەوەی دیاردەی یاخیبوونو نارەزایی لەبەرچاوی هەموومانداد بسڕنەوە، ئەمڕۆکە رقیی ناتوانایی خۆیان لەبەرامبەر مامۆستایەکی جوانو قسەکەرو تووڕەی شاری هەولێردا دەردەبڕن ، ئەمڕۆکە لە تۆماری ئامادەبووندا سەرنجی فەرهاد رادەکێشرێتو دوای هەفتەیەکی تر ئەگەر لەناوەوەی ولاٌت بیٚ!! لەپاداشتی ئەوەی کە لەسالْی 1983وە دەچێتە شاخو لەوێ بۆ خوێندن دەچێتە فەرەنساو تا بەعس لەکوردستانە ناگەرێتەوە کارتی سووری پێدەبەخشن،

فەرهاد ئەوکاتەی کە دەگەڕێتەوە ولاٌتێکیوێران دەبینیٚ، ولاٌتێك دەبینیٚ کەس قەبولْی ناکاو لەباوەشی ناگریٚ، بەپێچەوانەی هەموو ئەوانەی ولاٌتیان جێدەهێشت فەرهاد کوردستانەکەی هەلْدەبژێریٚو خەلْکیش بە کەرو ماسۆشیی لەقەلْەم دەدەن.

بەرێزانم

سروشتی دەسەلاٌتی تۆتالیتێر وایە لەهەر شوێنێك بیٚ چوارچێوە بۆ بیرکردنەوەو راکانی دەوروبەر دەکێشیٚ، لەگەلْ ئازادییەك دایە کە بەرژەوەندییەکانی تیادا ببینیٚ، ئەو کاتە قەبولْدەکات کە ملکەچو سەرشۆڕانە بیت لەبەرامبەر ئەودا، بێدەنگ بیتو چێژ لە بێدەنگیی دەوروبەر وەربگریت، ئەو عەقلییەتەی ئەمڕۆکە لە ئیدارەی کوردیدا بەدیدەکرێت عەقلییەتێکی هەستکوژو نامرۆڤانەیە، بۆت نییە لەچوارچێوەکە دەرچیتو قسەبکەیت، نابیٚ لەکەشێکی بێترسدا بیربکەیتەوە، ئەوە نییە ئێستا فەرهاد چونکە دژی ناشیرینیەکان قسە دەکات سزا دەدرێت، چونکە ئەو مارکیۆزە ئاسا لەهەولْی کۆکردنەوەو بەدەنگهێنانی خوێندکارانە، یان بەمانایەکی دی دەسەلاٌتی زانکۆ دەیەویٚ خۆی تاقیبکاتەوە لەوەی کە چەند دەتوانیٚ سەری مار(رأس الافعی) ی قسەکەرانی کوردستان بێدەنگ‌وچاوترسێن بکات، ئەمە حەقیقەتێکی رەشی ئیدارەی کوردییە، نابیٚ وا بە ئاسانی تێپەڕ ببێت، ئەو کاتە ئاسودە دەبێت کە کادیرترین پیاوی حیزب بیت، ئەو کاتە ئازادیت پیٚ رەوا دەبینیٚ کە بێئاگایانە خۆت بناسێنیٚ، کەواتە با لەوە دلْینابین کە تا ئەو بەرەڵلاٌیەی نێو ئیدارەی کوردی بمێنیٚ هیچ ئومێدێکی موژدەبەخش چاوەڕوان ناکریٚ.

فەرهاد پیربالْی تەسلیمنەبوو بە بەعس ئەمڕۆکە لەسەر دەستی هەندیٚ لەوانەی کە خوێنیان لەگەلْ بەعسدا تێکەلْبووە دادگایی دەکرێت، لە زانکۆو دروستکردنی نەوەیەکی یاخیی بێبەشدەکرێت، نایەلْن کەسێك کە بەعسیی نەبووبێت لە ریزی ئەواندا بێت،

فەرهاد ستایشی دەسەلاٌت ناکات، ماستاوچیو درۆدوو نییە، لەراستگۆییەوە دەدرێتە بەر شەقی ناقانوونیبوونەوە، ئەو چونکە هەموو کات کەسێکی سادەو خۆنەویستو بێفیز بووەو شەقی لە رۆح گەورەییو بڕوانامە داوەو دادەبەزێتە خوارەوەو وەکو مرۆڤ سەیری خوێندکارو گەنجی کورد دەکات، بۆیە سزادەدرێت نەبادا لەقیمەتی ئەوان کەمبکرێتەوە.

لێرەدا ئەسەف بۆ ئەو بەناو نووسەرو رۆشنبیرانە دەخۆم کە جورئەتی ئەوە ناکەن دوو وشە بۆ ستایشی روناکبیرێك بنووسن کە بەبەرچاوی هەموومانەوە غەدری لێدەکرێت لەکاتێکدا گەر رۆژ تا ئێوارە ستایشی سەرکردەو سیاسییەکان بکەن بێزار نابن.